# ئامستەردام بە جێدێڵم

هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند
www.hemnabdulla.blogspot.com

هەفتەی دادێ ئامستەردام بە جێدێڵم ، بە تەمام ئەو شارەی نێزیکەی سێ ساڵ تێیدا ژیام و بیرەوەریی تاڵ و شیرینم دەگەڵ زۆرن، بە جێبێڵم و بۆ خوێندن بچمە شارێکی دیکەی هۆڵەند . بە خۆمدەڵێم : ئەرێ فلانی ، ئەوە چ چارەنووسێکە بۆتدانراوە ، هەر رۆژەی لە شوێنێکی و هەر ساڵەی خەڵکی شارێکی ؟! .
بەڵام زوو دڵخۆشیی خۆمدەدەمەوە و دەڵێم : مادام کوردێکی بێوەڵاتی ، چاوەڕوانی ئەو ماڵبەکۆڵییەش بکە .

ئامستەردام بە ناو پایتەختی شانشینیی هۆڵەندە ، بەڵام نە حکومەت و نە پارلەمێنت لەو شارەدا نین و ماڵی شاژنی لێدەرچێ ، دەزگایەکی دەوڵەتیی زۆر گرنگی تێدا نابینی .
هەندێک خەڵک ئێرە بە ( نیویۆرک ) ی دووەم ناودێنن ، وەلێ ئەگەر ئامستەردام نیویۆرک بێت ، ئەوا نیویۆرکێکی خوەدیی باڵەخانە سەر بە هەوا گەیشتووەکان و شاری هەمیشە نائارام و پڕ لە ئالارمی پۆلیسە ماندووەکان نییە ، بەڵکو ئێرە شارێکی قەرەباڵغی ، هەمیشە ئارامە .

ئەوەی لەو شارەدا حوکمفەرمایە ، رەنگاورەنگیی رووخسارەکان و پێکەوە ژیانێکی دوور لە توندوتیژییە ، ئێرە وەک فەرهاد پیربال دەربارەی پاریس فەرموبووی : شاری پڕ لە حەیوانات نییە!! ، بەڵکو شاری ئادەمیزادە فەرهەنگ جیاواز و نەریتە وێکنەچووەکانە .
ئەگەر بە ناوەندی بازاڕدا پیاسەبکەیت و بتەوێ لە زمانی هەموو ئەو بنیادەمانە تێبگەی کە بەڕێوە دەئاخڤن ، ئەوە ناچاری حەوت وشەدانی گەورە لەکۆڵنێی و هەر خەریکی پاچڤەکردنی قسەی ئەوانە بیت، کە بە ئاوازی جودا و بە شێوازی هەمەجۆر دەمیان دەبزوێ ! .

رەنگە بە دەم رێگاوە کچۆڵەیەکی قژرەشی ئیسپانی ببینیت ، کە بە هۆی هۆڵەندینەزانینەوە پێتبلێ : بۆیناس دیاس (1) . یان دەکرێت بە رێکەوت تووشی ئیتاڵیاییەک بیت کە بەدەم هاتنە دەرەوە لە پیتزافرۆشیەکدا ، بە خاوەنەکەی بڵێت : گراسیاس (2) . یانیش دەشێت ئیسرائیلییەک بەرەوروت بێ و لەبەر ئەوەی لە شێوەی دەموچاوتەوە بە جولەکەت تێگەیشتبێ ، زۆر بەرێزەوە پێتبێژێ : شاللۆم ئالێخۆوم (3) . یان ئەگەر هیچیەک لەوانە نەبینی ، ئەوە لە چێشتخانەیەکی میسرییەکاندا ، گوێت لە دەنگی نەشازی گەنجێکی قژلوولی ڕەشداگەڕاو بێ ، کە بێ گوێدانە مەزاجی میوانەکانی ، هاوار بکات : یا حەمادە ، تەعالە یەخوویە (4).

ئامستەردام ، بە بار و دیسکۆتێکە دڵرفێنەکانی بە ناوبانگە ، لەو شارەدا ناوچەیەک هەیە کە سەرتاسەر سۆزانیخانەیە و هەمیشە لەبەر سەردانکەرە گەشتیارەکان جمەی دێت ، من نێوم لەو شوێنە ناوە ( کۆڵانی کچە تەنهاکان ) ، چونکە کاتێک بۆ پیاسە و سەیرکردن بەوێدا تێیپەڕیت ، بەدەستخۆت نابێت ، سکت بەو مێیینە تەنهایانە دەسووتێت ، کە بە مایۆیەکی تەنک ، لە پشت شووشەیەکی بە گڵۆپی سوور رووناککراوە ، پەنجەت بۆ رادەکێشن و بە بێتاقەتییەوە دەڵێن : کەمان بەیبی! (5) .
لەوێ سەیرت پێدێ کە ئەو کچۆڵانە چۆن تاقەتی هاوپێخەفییان هەیە دەگەڵ پیاوێک ، کە بە بۆنی حەشیشەکەی کاس دەبیت و یەکێکی دیکەش کە هێندەی وێسکی و بیرە و ڤۆدکا خواردۆتەوە ، کە لە دوورەوە ناچارتدەکات دەست بە لووتتەوە بگریت ؟! ، لەوێ چەندە نیگا سێکسییەکان دەتورووژێنن ، هێندەش چاوی ماندووی کچە منداڵکارەکان ئازارتدەدەن .

لەبەر ئەوەی هۆڵەند خاكێكی فشۆڵی هەیە ، كەمتر چاوت بە باڵەخانەی بەرز دەكەوێ ، دەنێو زۆربەی شارەكانیشیدا ، رووبار بە نێومالاندا دێ .
لە ئامستەردامیش ، هەر لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە تا شوێنەكانی دی ، بەلەمە چكۆلە و رازاوەكان ئامادەن پیاسەی ناوشارت پێبكەن ، لە میانی ئەو پیاسانەشدا ، رەنگە حەزبكەی سەر لە مۆزەخانەی ( فان خۆخ ) یان مۆزەخانە نیشتمانییەكەیان بدەی ، یانیش رەنگە لە مۆزەخانەی ( مەدام توساد ) چاوت ئەبڵەق بێ ، كە چۆن چۆنی هیتلەر و سەددام بەرامبەر لینین و گاندی ، لە قالبی پەیكەری زۆر وردەكاریتێداكراودا چاویان لێك بزكردۆتەوە ! .

هەفتەی دادێ ، ئامستەردام بە هەموو جوانی و ناشیرینییەكانییەوە بەجێدێڵم ، لە ماوەی سێ ساڵ مانەوەدا لەو شارە ، فێربووم كە پێكەوەژیانی فەرهەنگەكان مەحاڵ نییە و تەنێ پێویستیی بە كرانەوە بە رووی یەكدیدا هەیە .
لە ئامستەردام ، فێربووم كە ئیشكردن نەنگی نییە ، بەڵكو خاكەڕایی و ئازاییە ، بۆیەش كە لەسەرەتای هاتنمدا بۆ ئێرە ، هەندێ شەو بە هۆی ئازاری دەستەخووساوەكانم لە سابوونی قاپشۆریی چێشتخانەكاندا خەوم لێنەدەكەوت ، هێندە دڵخۆشبووم كە شام نەدەكردە پاسەوانی خۆم ! .
هەروەتر فێریش بووم كە دانیشتن لە سەر بەڕەی خەڵكی ، ئەگەر ساڵ و مانگگەلی زۆریش درێژە بكێشێ ، رۆژی لەسەرهەڵستانی هەیە و قەتیش لە كوێستانێ ، دارخورما ناتوانێ وەك بەڕوو گەورە بێ ! .

---

(1) رۆژ باش (2) سوپاس (3) سەللاموعەلێكووم (4) حەمە ، دەوەرە كاكی خۆم !(5) وەرە بچكۆل !